# په‌یامی کۆنگره‌ی ده‌یه‌می کۆمه‌ڵه بۆ گه‌لانی ئێران

خه‌ڵکی تێکۆشه‌ر، خوشك و برایان گه‌رمترین سڵاوی ئێمه‌تان پێشکه‌ش بێت. کۆنگره‌ی ده‌یه‌می کۆمه‌ڵه که له مانگی گه‌لاوێژی ئه‌مساڵدا به‌ڕێوه چوو، یه‌کێك له باسه‌کانی خۆی ته‌رخان کرد بۆ مه‌سه‌له‌ی مافی نه‌ته‌وه‌کانی ئێران.

کۆنگره‌ی ئێمه جارێکی‌تر جه‌ختی کرده سه‌ر به‌ڕه‌سمی ناسینی فره‌چه‌شنی نه‌ته‌وه‌یی و کلتووری له‌م وڵاته‌دا و، سڕینه‌وه‌ی سته‌می نه‌ته‌وه‌یی له سه‌ر گه‌لانی دانیشتووی ئێران، نه‌ك ته‌نیا به پێویستییه‌کی هه‌نووکه‌یی گه‌لانی ژێرده‌سته ده‌زانێ، به‌ڵکوو وه‌ك یه‌کێك له پایه‌کانی سه‌قامیگر کردنی دێمۆکراسی له ئێران، سه‌رنجی تایبه‌تی پێداوه. کۆمه‌ڵه وه‌ك هێزی ڕێکخه‌ری بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه و ڕزگاری به‌خشی نه‌ته‌وه‌یی له کوردستان و بۆ پاراستنی یه‌کگرتوویی و برایه‌تی گه‌لانی ئێران، خوازیاری دامه‌زراندنی سیستمێکی فیدراڵی له ئێرانه که‌تێیدا مافی گه‌لانی جۆراوجۆری بۆ به‌ده‌سته‌وه گرتنی چاره‌نووسی خۆیان و یه‌کسانی و یه‌کێتی‌یان، گه‌رانتی بکا.

کۆنگره‌ی ده‌یه‌می کۆمه‌ڵه له خه‌باتی دێمۆکراتیك و مافی هه‌موو گه‌لانی ئێران داکۆکی ده‌کا و جه‌خت ده‌کاته سه‌ر هاوپشتی بزووتنه‌وه و خه‌ڵکی کوردستان له‌گه‌ڵ هه‌موو گه‌لانی‌تر.

بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاری خوازیی خه‌ڵکی کوردستان به گه‌لێك ئه‌زموونی خه‌بات دژی سه‌ره‌ڕۆیی کۆماری ئیسلامی، له‌م دۆخه گرینگه‌دا بۆ پێك هێنانی دۆستایه‌تی و یه‌کێتی ویست و داخوازییه‌کانی نێوان گه‌لانی نیشته‌جێی ئێران له سه‌ر بنه‌مای دێمۆکراتیك و ئازادیخوازانه، له خه‌بات بۆ مافی نه‌ته‌وه‌یی، پێداگیری ده‌کا و پشت به‌ستن به دێمۆکراسی و ئازادی مرۆڤ و سیکولاریزمی سیاسی به مه‌رج و ده‌سپێکی هه‌ر جۆره گه‌شه‌کردنێك ده‌زانێ.

ئێمه ده‌ستی دۆستایه‌تی و ته‌بایی بۆ هه‌موو خه‌ڵك و تێکۆشه‌رانی گه‌لانی‌تری ئێرانی درێژ ده‌که‌ین و خوازیاری په‌ره‌پێدان به پێوه‌ندیی خه‌بات و تێکۆشان، له‌گه‌ڵ ئه‌وان و داکۆکی په‌یگیرانه‌یان له خه‌باتی نه‌سره‌وتووانه‌ی خه‌ڵکی کوردستانن. بۆ به‌دی هێنانی ئه‌م ئامانجه، کۆنگره‌ی ده‌یه‌می کۆمه‌ڵه، پێك هێنانی به‌ره‌یه‌ك بۆ خه‌باتی دێمۆکراتیك و پێشکه‌وتووانه، وه‌ك ئامرازێك بۆ به‌دی‌هاتنی هاوپشتی و پته‌وتر بوونی یه‌کێتی نێوان گه‌لانی جۆراوجۆری ئێرانی، به

**باشی و کاریگەر زانی و هەوڵ و کۆششی لەم بارەیەوە خستە بەرنامەی کاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی.**

**خەبات و تێکۆشان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سیستمی پڕ لە هەڵاواردن و ستەمی ئێستا بۆ سەقامیگر بوونی دێمۆکراسی و بەرگرتن لە هەرجۆرە ناکۆکی و گرژیی نەتەوەیی لە نێوان گەلانی جۆراوجۆری ئێران، پێک هێنانی وەها بەرەیەک کردۆتە پێویستییەکی جیددی ئەم سەردەمە.**

**هەر بژی خەباتی حەقخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێران**

**بژی هاوپشتی پتەوی گەلانی ئێران**

**بۆ پێشەوە بەرەو پێک هێنانی بەرەی هاوبەشی گەلانی ئێران**

**کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**نێوەی یەکەمی گەلاوێژی** 1383

**بەرابەر بە سەرەتای مانگی ئاگۆستی** 2004


www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**